*Journal of Language Studies* Vol.9, No.3, Part 3, 2025, Pages (153-184)
DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.3.P3.8

IRAQI Academic Scientific Journals
المجلات الأكاديمية العلمية العراقية
ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: https://jls.tu.edu.iq/index.php/JLS

# Nominal phrase comparison between Kurdish and English language

**Laley Arab Ismail***
Department of Kurdish , College of Language ,Salahaddin University
Laliarb85@gmail.com
&
**Prof.Dr. Sajidah Abdullah Farhadi**
Department of Kurdish , College of Language ,Salahaddin University
Sajidah.farhad@su.edu.krd

**Received:** 17/ 5/ 2025, **Accepted:** 29/6 /2025, **Online Published: 30/ 9 /2025**

## Abstract
This research is entitled "A Comparison of Noun Phrases between Kurdish and English Languages." It is dedicated to comparing noun phrases between Kurdish and English languages, because the noun phrase is a fundamental structural unit of sentence composition in any language, which plays an important role in conveying information and creating semantic relationships. The grammatical structure of noun phrases varies from one language to another according to the grammatical and semantic characteristics of each language. In this research, noun phrases have been analyzed in detail, and the aspects of similarity and difference in their structure and grammatical functions have been identified The research methodology was conducted according to descriptive-comparative analysis, in which sentence examples were collected from daily speech and prominent sources of both languages, they were analyzed through the laws of Chomsky's generative and transformational theory.

* **Corresponding Author**: Laley Arab Ismail**, Email**: Laliarb85@gmail.com
**Affiliation**: Salahaddin University - Iraq
© This is an open access article under the CC by licenses http://creativecommons.org/licenses/by/4.0

The content of this research is divided into three main sections. The first section is dedicated to discussing noun phrases in the Kurdish language, explaining and distinguishing them in terms of structure and identifying their heads.
In the second section: discussing noun phrases in the English language, explaining them separately in terms of structure and identifying their heads, as well as the determiners of heads in expanded phrases.
The third section is devoted to presenting the comparative aspect of noun phrases between both Kurdish and English languages.
**Keywords:** noun phrase, pronoun, determiner, specifier

## المقارنه العبارات الاسمية بين اللغة الكردية والانكليزية

**لالى عارب اسماعيل**
قسم اللغة الكردية، كلية اللغات، جامعة صلاح الدين
و
**د. ساجدةعبدالله فرهادى**
قسم اللغة الكردية، كلية اللغات، جامعة صلاح الدبن

**الملخص**

هذا البحث بعنوان (مقارنة العبارة الاسـمية بين اللغة الكردية والإنجليزية)، مخصـص لمقارنة العبارة الاسمية بين اللغة الكردية والإنجليزية، لأن العبارة الاسمية هي وحدة أساسية من مكونات الجملة في أي لغة، والتي لها دور مهم في إيصـال المعلومات وإنشـاء الروابط الدلالية. تختلف التراكيب النحوية للعبارة الاسـمية من لغة إلى أخرى وفقاً للخصـائص النحوية والدلالية لكل لغة. في هذا البحث، تم تحليلها بشكل دقيق وتم تحديد أوجه التشابه والاختلاف في التركيب والوظائف النحوية.
تم إجراء منهج البحث وفقاً للوصف التحليلي المقارن حيث تم جمع الأمثلة الجُملية من الكلام اليومي والمصادر المرجعية لكلا اللغتين، و تم تحليلها من خلال قوانين نظرية التوليد والتحويل لتشومسكي.
تم تقسيم محتوى هذا البحث إلى ثلاثة أقسام رئيسية:
القسم الأول: مخصص لمناقشة العبارة الاسمية في اللغة الكردية وتوضيحها وتمييزها ومناقشتها من ناحية التركيب وتحديد رؤوسها.
في القسم الثاني: مناقشـة العبارة الاسـمية في اللغة الإنجليزية وتوضـيحها بشـكل منفصـل من ناحية التركيب وتحديد رأسها وكذلك محددات الرؤوس في العبارات الموسعة.
القسم الثالث مخصص لإظهار الجانب المقارن للعبارة الاسمية بين كلا اللغتين الكردية والإنجليزية.
الكلمات المفتاحية: العبارة الاسمية، الضمير ، المحدد، المخصص.

# بەراوردكردنی فرێزی ناوی لەنێوان زمانی كوردی و ئینگلیزیدا

لالی عارب اسماعیل /بەشی زمانی كوردی ، كۆلێژی زمان ، زانكۆی صلاح الدین ، هەولێر

و

پ.د. ساجیده عەبدوڵلافەرهادی/ بەشی زمانی كوردی ، كۆلێژی زمان ، زانكۆی صلاح الدین ، هەولێر

## پوختە

ئەم توێژینەوە یە بە ناونیشانی (بەراوردكردنی فرێزی ناوی لە نێوان زمانی كوردی و ئینگلیزیدا) یە ،تایبەتكراوە بە بەراوردكردنی فرێزی ناوی لە نێوان زمانی كوردی و ئینگلیزیدا، چونكە فرێزی ناوی یەكەیەكی بنەڕەتی پێكهاتەی ڕستەیە لە هەر زمانێكدا ، كە ڕۆڵی گرنگی هەیە لە گەیاندنی زانیاری و دروستكردنی پەیوەندی واتایی، فرێزی ناوی پێكهاتەی ڕێزمانییان لە زمانێكەوە بۆزمانێكی تر بەپێی تایبەتمەندییە ڕێزمانی و واتاییەكانی هەر زمانێك جیاوازە ، لەم توێژینەوەیەدا بە شێوەیەكی ورد شیكاری كراوەولایەنی لێكچون و جیاوازی لە پێكهاتەو كردە ڕێزمانییەكانیدا دەستنیشانكراوە.

ڕێبازی توێژینەوەكە بە پێی وەسفی شیكاری بەراوردكاری ئەنجامدراوە كە تێیدا نموونە ڕستەییەكان لەگفت و گۆی ڕۆژانەو لەسەرچاوە بەرچاوەكانی هەردووزمانەوە كۆكراونەتەوە و لەڕێگەی یاساكانی تیۆری (بەرهەمهێنان و گوێزانەوەی )چۆمسكی شیكاری كراون .

ناوەڕۆكی ئەم توێژینەوەیە بۆ سێ بەشی سەرەكی دابەشكراوە. بەشی یەكەم : تایبەتە بە باسكردنی فرێزی ناوی لە زمانی كوردیدا و ڕوونكردنەوەو جیاكردنەوەی و باسكردنی لەڕووی پێكهاتن و دیاریكردنی سەرەكانی.

لە بەشی دووەمدا: باسكردنی فرێزی ناوی لە زمانی ئینگلیزیدا ڕوونكردنەوەی بە جیا لەڕووی پێكهاتن و دیاریكردنی سەرەكەی و هەروەها دیارخەری سەرەكان لە فرێزە فراوانكراوەكاندا .

بەشی سێ یەم بۆدەرخستنی لایەنی بەراوردی فرێزی ناوی لەنێوان هەردوو زمانی كوردی و ئینگلیزیدا تەرخانكراوە .

وشە سەرەكییەكان:فرێزی ناوی، جێناو، دیاریكار، دیارخەر.

## پێشەكی

### 1/0 ناونیشانی توێژینەوەكە :

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (بەراوردکردنی فرێزی ناوی لە نێوان زمانی کوردی و ئینگلیزیدا) یە،وپێگەی لە زمانەوانی گشتیدا دەکەوێتە بەر زمانەوانی بەراوردکاری ، بۆیە لەسەر ڕێبازی وەسفی شیکاری بەراوردکاری ئەنجامدراوە .

**2/0 هۆی هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە:**

هۆی هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی توێژینەوەیەکی زانستی دەربارەی ئەم بابەتە .

**3/0 سنورو کەرستەی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە بە زاری پێوەربەندی کوردی ناوەڕاست نوسراوە ، سنوری ئەو توێژینەوەیە بواری زمانەوانی بەراوردکاری وەسفییە، لە ئاستی ڕستەسازیدا.

تیۆری توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە پشت بە تیۆری بەرهەمهێنان و گوێزانەوە ی چۆمسکی دەبەستێت .

**4/0 ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە:**

-شیکردنەوەی پێکهاتەی فرێزی ناوی لە هەر دوو زماندا.

- دیاریکردنی جۆرەکانی ناو و دیارخەرەکانی (Determiners) لە نێوان هەردوو زماندا.

-بەراوردکردنی ئەرکی ڕێزمانی NPلە هەردوو زماندا.

-دەستنیشانکردنی لایەنی لێکچون و جیاوازی لە هەردوو زماندا.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە وەدایە کە دەکرێت بکرێتە یارمەتیدەرێک لە تێگەیشتنی زیاتری ئەم بابەتەلەزمانی کوردیدا، هەروەها تیشک بخاتە سەر هەندێک لایەنی لێکچون وجیاوازییە بنەڕەتییەکانی نیوان زمانی کوردی و ئینگلیزی لە بواری ڕستەسازیدا.لە کۆتاییدا هیوادارم ئەم توێژینەوەیە ببێتە سەرچاوەیەکی بە سوود بۆ توێژینەوەکانی داهاتوو لە بواری زمانەوانی بەراوردکاری و ڕێزمانی زمانی کوردی.

**5/0 ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:**

ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە بۆ سێ بەشی سەرەکی دابەشکراوە. بەشی یەکەم : تایبەتە بە باسکردنی فرێزی ناوی لە زمانی کوردیدا و ڕوونکردنەوەو جیاکردنەوەی و باسکردنی لەڕووی پێکهاتن و دیاریکردنی سەرەکانی.

لە بەشــی دووەمدا: باسـکردنی  فرێزی ناوی لە زمانی ئینگلیزیدا ڕوونکردنەوەی بە جیا لەڕووی پێکهاتن و دیاریکردنی سەرەکەی و هەروەها دیارخەری سەرەکان لە فرێزە فراوانکراوەکاندا .

بەشــی ســێ یەم بۆدەرخســتنی لایەنی بەراوردی فرێزی ناوی لەنێوان هەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزیدا تەرخانکراوە .

**فرێز phrase**

فرێز بەو یەکەسینتاکسی یە دەگوترێت کە لە کەرەسەیەك, لە کەرسەیەکی سەرەکی (سەرە)و هەموو ئەو کەرەسـانەی کە ڕاسـتەوخۆ یان ناڕاسـتەوخۆ (دیارخەر )بەندن پێوەی، یان لەژێر دەسـەڵاتیانن پێکدێ و لە ڕستەدا ئەرکێك دەبینێ .فرێزیش بە پێی جۆری کەرەسـەسـەرەکییەکە(سـەرە)دەتوانرێ چەندجۆرێکی لێ دەستنیشان بکرێ وەك:(فرێزی ناوی ,فرێزی ئاوەڵناوی ,فرێزی بەند, فرێزی کاری .......) .(ساجیدە عەبدوڵلا: 2013: 10)

**سەرە Head**

(ســـەرە لە هەموو فرێزێکدا هەیە. بەمەش هەموو فرێزێك (نـاوەکییە Endocentric-)ە لەوەی دابەشـبوونی فرێزەکە گونجاوە لەگەڵ سـەرەی فرێزەکە ، وەکو (گوڵە جوانەکە ). (قادر، سـەباح ڕەشید، 2007، 31 )

(سەرە )ئەم تایبەتێتیانەی هەیە ، کەلەم چەندخاڵەی خوارەوەدا دەخرێنەڕو:

1-جۆری سـەرە ،جۆری فرێزەکە دیاری دەکات ، هەروەها پۆلە وشـەییەکانی تر لەناو فرێزەکەدا دیاری دەکات .

2-سـەرە پلەیێکی مۆرفۆسـینتاکسـی هەیە و هەڵگری نیشـانەیێکی ڕێزمانییە ، کە بۆهەمووفرێزەکە دەگەڕێتەوە.

3-سەرە لەکەس و ژمارەدا لەگەڵ شوێن کەوتووەکانی خۆی ڕێك دەکەوێ .

4-سەرە هەڵگری زانیاری واتایی زۆرگرنگی فرێزەکەیە. (Haspelmath :2002:90)

## بەشی یەکەم

**1-فرێز لە زمانی کوردیدا**

**1-1 فرێزی ناوی :**

فرێزی ناوی بریتییە لە ڕۆنانێك کە پێکهاتووە لە کەرەستەیەکی سەرەکی (سەرە) کە بە ناوێك یان ناو ئاسایەك دەناسرێتەوە ، ئەم سـەرەیە بۆی هەیە بەهۆی کەرەستەیەك یان چەند کەرەستەیەکی ترەوە

فراوان بکرێت ،و هەموو کەرەستەکان لە ژێر دەسەڵاتی( ناوەکە )یان (ناو ئاسایەکە ) دەبن،واتە لەم جۆرە فرێزەدا بەشێوەیەکی گشتی ناو یان ناو ئاسایەك دەوری سەرە دەبینێت .

فرێزی ناوی سادە لەڕووی ڕۆنانەوە دەبێتە دوو جۆر :

**1-1-1فرێزی ناوی ســـادەی ناوك /** ئەم جۆرەیان لە زمانی کوردی لە ناوێك یان ناو ئاســـایەك پێکدێت ،کە ناوك (ســـەرە)ی فرێزەکەیە ، کەیەکێك لەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە : (حاجی ، ڤیان سلێمان : 2001: 29 )

1- **ناو** بەهەموو جۆرەکانیەوە /

- **کاوەی برام** ناوی تایبەتی

- قوتابی زیرەک ناوی گشتی

-لەشکری دوژمن ناوی کۆمەڵ

- دیواری ژوورەکە ناوی بەرجەستە

- خەمی هەژار ناوی واتایی

2- **چاوگ /** سوتان،خوێندن...

**-سوتانی** لەش بە ئازارە .

-خوێندنی ئێواران بەسودە.

3- **جێناو**

أ- **جێناوی کەسی سەربەخۆ**

( من – تۆ – ئەو - ئێمە - ئێوە – ئەوان )

لەزاری کوردیی ناوەڕاستدا ئەم کۆمەڵە جێناوە سەربەخۆیەمان هەیە دەبن بە سەرە لە فرێزی ناوی و هەموو ئەرکەکانی ناو دەبینن لە ڕستەدا وەک ئەم نمونانەی خوارەوە:

**ئەوان** هاتن . ئەوان /بکەرە

سەرە

-من ئەوانم بینی. بەرکاری ڕاستەوخۆ

- ئەوان بینران. جێگری بکەر

**ب- جێناوی پرس :** کێ هات ؟ (کەمال ،دیار عەلی:2002: 42 )

**ج- جێناوی هەیی**

لەزاری کوردیی ناوەڕاست (ck) (هی – ئی ) بەکاردێت ئەرکەکانی ناودەبینێت.

برای ئێمەهات ، **هی** ئەوان نەهات.

هی ← ف – ن ← بکەر (شاڵی ،عبداللە و ئەوانی تر : 2022 : 31)

د- **جێناوی خۆیی /**

( خۆم – خۆت – خۆی – خۆمان – خۆتان – خۆیان )

ئەو **خۆی** نامەی نوسی.

ئەو ← ف ن ← بکەر

خۆی ← ف ن ← بۆ جەختکردنەوە لە بکەر

من **خۆمم** پێگەیاند.

خۆم ← ف ن ← بەرکار (هەمان سەرچاوەی پێشوو: 26)

## 1-1-2 فرێزی ناوی فراوانکراو

فرێزی ناوی بە چەند شێوەیەك فراوان دەکرێن کە ئەمانەن :

### 1-1-2-1 – فراوانکردنی فرێزی ناوی لەناوەوە

مەبەست لەم جۆرە فراوانکردنە ئەمەیە کە سەرەی فرێزە ناوییەکە بە هۆی هەندێك لە مۆرفیمەکانی وەك ( نەناسراوی، کۆ، کۆی ناسراوی، خاوەنیەتی .. هتد ) فراوان دەکرێت ، کەئەوانیش تایبەتن بەڕۆنانی ناوەوەی فرێزو دەچنە کۆتاییی فرێزەکە بەدیارخەر(determine) خۆیاندەناسێنن .

نمونه /          پیاوەکان خانوی ئێمەیان نۆژەنکردەوە.




- **ئامرازەکانی ناسراوی و نەناسراوی و کۆ (Articles)**

نیشانەی سەرەکی ناسراوی (ەکە)یەو تەنها دەچێتە سەر ناوی (گشتی) چونکە هەموو ناوێکی تایبەتی ناسراوە وەك (کەرکوك ، پەروین ..هتد).

باخەوان + ەکە = باخەوانەکە

بەڵام ئەگەر ناوەکە کۆتایی بە بزوێنی ( ا – ۆ – ێ – ە ) هاتبوو ئەوا یان ناو بەندی ( ی – y ) وەردەگرێت ،یان ( ە ) ی سەرەتایی نیشانەی (ەکە)ی ناسراوی لەناو دەچێت.

نمونە /

هەرمێ ← هەرمێ یەکە

هەرمێکە

یان ئەگەر ناوەکە بەبزوێنی (وو)کۆتایی هاتبوو پیتی نەبزوێنی ( و- w ) وەکوناوبەند دەخرێتەنێوان ناوەکەو نیشانەکە

(حاجی مارف ، ئەوڕەحمانی :2014: 208- 210)

نمونە

خانوو ←——— خانووەکە

کەواتە لێرەدا ( ەکە – کە – یەکە – وەکە – ەك )

ئەمانە ئەلۆمۆرفی (ەکە)ی ناسراوین.

ئەلۆمۆرف :(شێوە جیاجیاکانی مۆرفیمێك پێ ی دەڵێن ئەلۆمۆرف ) (م.م.فەتاح: 1997: 70 )

**ئامرازی نەناسراوی**

نیشانەی نە ناسراوی لە زمانی کوردیدا جگە لە پیشاندانی نەناسراوی تاکایەتیش پیشان دەدات هەرچەندە هەندێکجار دەخرێتە سەر ناوی (کۆ)ش نیشانەکە یەك لەم شێوانە وەردەگرێت.(ێك – ەك – ێ )کەدەخرێتە سەر ناو و دەیکات بەناوێکی نەناسراو گەر ناوەکە کۆتایی هاتبوو بەپیتی نەبزوێن،یەکسەر نیشانەی (ێك – ەك – ێ ) دەخرێتە سەر ناوەکە.

نمونە/

| <u>**ناوی گشتی**</u> | <u>**ناوی گشتی نەناسراو**</u> |
|---|---|
| پیاو ←——— | پیاوێك ، پیاوەك ، پیاوێ |

| <u>**ناوی گشتی**</u> | <u>**ناوی نەناسراو**</u> |
|---|---|
| چیا ←——— | چیایێک ، چیایەک ، چیایێ |

ن ( چیا ) + ی( ناوبەند ) + نیشانەی نەناسراوی (ێك – ەك – ێ ).

ئەگەر ناوەکە بە بزوێنی (وو)کۆتایی هاتبوو ناوبەندی (و) لە نێوان ناوەکە و نیشانەکە دادەنرێ، بزوێنی (وو)

ئەو کاتە لەم دەربڕینەدا کورتر خۆی پیشان دەدات وەک .

بەڕوو+و+ ئامرازەکە= بە ڕووێک ، بە ڕووەک ، بە ڕووێ

ناوی نەناسراو(ان)ی ئامرازی کۆکردنەوەی ناو وەردەگرێت و ئەو ئامرازە دەکەوێتە نێوان ناوەکە و ئامرازی نە ناسراویەوە وەك

کەس + (ان) ئامرازی کۆ + (ێك – ەك – ێ ) ئامرازی نەناسراوی

کەسانێك ، کەسانەك ، کەسانێ (حاجی مارف ، ئەوڕەحمانی :2014: 212- 228)

**- ئامرازی کۆ**

هەروەها سەبارەت بە ئامرازی کۆ(ان) دەچێتە سەر ناوی گشتی و دەیکاتە ناوی کۆ. ( ناوی کۆ ) ناوێکە لە کەسێك یان شتێک پتر پیشان دەدات ئامرازی سەرەکیی کۆکردنەوەی ناو لە زمانی کوردی (ان) ە دەخرێتە دوای ئەو ناوانەی کە پیتی کۆتاییان نەبزوێنە.ئەگەر کۆتایی بە بزوێن هاتبو ناوبەند وەردەگرێت هەروەکو پێشتر باسمانکردوە .

جگە لە نیشانەی (ان) هەندێک نیشانەی دیکە هەن کە ناوی کۆ دروست دەکەن بە تایبەتی لە زاری کوردی کرمانجی خواروو وەک (ات – هات – جات - ەها ). (هەمان سەرچاوەی پێشوو:151-168)

**2-2-1-1-فراوانکردنی فرێزی ناوی لەدەرەوە**

ئەم جۆرە فرێزانە دەگرێتەوە کە سەرەکە دیار خەرێك یان زیاتر لە دیارخەرێکی لەگەڵدا دەبێت دیارخەرەکان لە فرێزی ناویدا لە شێوەی کرمانجی ناوەڕاست(CK) دەبن بە دوو کۆمەڵە.

**أ- دیارخەری پێش سەرە**

لەم جۆرە فەرەیزەدا دیارخەرەکان پێش سەرەدەکەون کەبریتین لە.

1- مۆرفیمی تاکبەندی ( هەر- تەنیا ).
2- جێناوی نیشانە(ئەمە - ئەوە ....هتد).
3- ژمارە( بنجی – کەرتی ....هتد)
4- مۆرفیمی پرس(چی – کامە ...هتد).
5- ڕادە(هەندێك – بڕێك ..هتد).
6- ناسناو(حاجی – مەلا ...هتد).
7- ئاوەڵناوی پلەی باڵا(باشترین – خۆشترین ...هتد).
8- وشەی نەرێ(هیچ – چ ). (عەبدوڵلافەرهادی ، ساجیدە، 13:2013 )

**ب- دیارخەری دوای سەرە**

ئەم جۆرە فرێزە بڵاوترین جۆری فرێزی ناوی یە لەزمانی کوردیدا ،کەلەسەرەو دیارخەرێك یان چەند دیارخەرێك پێکدێت کە دیارخەرەکان دەکەونە دوای سەرەی ناوی یەکە. (هەمان سەرچاوەی پێشوو:14 )

نمونە /

1-ناو/ کچەکەی دارا

2- ئاوەڵناو/ قوتابی زیرەك

3-جێناو / دارەکەی ئێمە

4-لاڕستە / ئەو کوڕەی کە لێرە دانیشتووە، برامە.

5- ئاوەڵکار / پەرتوکەکەی لای من

ج – فرێزی ناوی فراوانکراو لەهەردوولاوە.

دەتوانرێت لە شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست(CK )لە یەك کاتدا فرێزی ناوی لە هەردوو لاوە هەم لە پێش سەرە وهەمیش لە دوای سەرە فراوان بکرێت .




## بەشی دووەم
## 2-فرێزی ناوی لە زمانی ئینگلیزیدا

**فرێزی ناوی** (N.P)Noun phrase

(N.P)لەزمانی ئینگلیزی بەوە پێناسەکراوە کەبریتیە لە وشەیەک (ناو یان جێناو) یان کۆمەڵە وشەیەک .کە ناو یان جێناوەکە سەرەکەیەتی(H.N) و هەروەها ئەرکی جۆراو جۆری هەیە لە ڕستەدا،بەزۆری ئەرکی بکەر،بەرکاری ڕاستەوخۆ،تەواوکار، بەرکاری ناڕاستەوخۆ...........هتد دەبینێت. (Leech,G :2006 : 73 )

**The structure of the**

**N.P in standard English**

**-Kawa helped me.**

**جێناوە-He came.**

**ئەمانە پێکهاتەی (N.P)ن لەزمانی ئینگلیزیدا**

1. Head
2. determiner
3. pre modifier.
4. Post modifier.

بەڵام بە گوێرەی بە دوای یەکدا هاتنیان بەم شێوەیە ڕیز دەبن.

**Determiner(s) + Pre- modifier(s) + Noun+ post- modifier(s).**

**فرێزی ناوی لە ڕووی ڕۆنانەوە دابەش دەبێتە سەرئەم جۆرانەوە:**

2-1-**فرێزی ناوی سادەی ناوک:**

لە سادەترین ڕۆنانیدا فرێز لە زمانی ئینگلیزی بریتییە لە ناوێک یان ناوئاسایەک،کە بە سەرەی فرێزەکە دادەنرێت و ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە :

**The head (سەرە)-1**

سەرە کەرستەی پێویستە لە (N.P) لەوانەیە تاکە وشەیەك ببێتە سەرە و هە موفرێزەکە بگرێتەوە، بوونی سەرە وەکو پێویستییەکە و جۆری سەرە جۆری فرێزەکە دیاری دەکات . (Miller :2002:11)

**The Noun phrase**

سەرەی فرێزی ناوی لە زمانی ئینگلیزی(SE) دەبێتە سێ بەش.

Hawler - Kurdish – Kurdistan / proper Noun -1

two books, blood / Common Noun-2

I , my …….. / Pronoun- 3

**ناوی تایبەتی (proper Noun ) -1**

E.g/ **Muhammad** went to **NewYork.**

محمد چوو بۆ نیۆڕك.

**ناوی گشتی    Common Noun -2**

E.g/ **A boy** came.

کوڕێك هات    (Millar & Brantly :1993 :30)

**(Common Noun) پۆلێن دەکرێت بۆ چەند بەشێك.**




**Count Noun-1** / هەموو ئەو ناوانەدەگرێتەوە که دەتوانرێت بژمێردرێت .

E.g/

(book , man …ect)

**(Count Noun) دەبیتە دوو جۆر.**

Singular Noun ناوی تاك / a book ،the book

Plural Noun / ناوی کۆ    babies ⟶ baby

Foot ⟶ feet

(Murphy , Raymond , 2012:24-26)

-2 **Mass Noun** / ئەوشتانەی ،کە ناتوانرێت بژمێردرێن نمونە.(blood , water , air ….etc).

-3 **collective Noun** / ئەوانە لەشێوە تاك پیشان دەدەن ،بەڵام لەناوڕۆکدا لە یەکێك زیاترن.

(huddleston ,R.&pullum : 2005 : 89)(team , class,…etc)

Murphy , ) (love , justic Murphy , …etc) / **Abstract Noun-4**
( Raymond , 2012 : 23

**Pronoun-3**

**/ personal pronoun** – 1

| **Subject pronoun** | **object pronoun** |
|---|---|
| I | me |
| You | you |
| She | her |

(Schrampfer Azar, Betty :1996:131)

(all , some , any …etc) / **(quantifier pronoun) -2**

(who , what , whose …etc) / **w.h pronoun or interro gative pronoun -3**

**/possessive pronouns – 4**

E.g/ (mine , yours , hers , ours , yours , theirs)
(leech.G:2006 :85)

(this , that , these , those ) **/demonstrative pronouns – 5**

(myself , yourself , herself , …etc) ئەمانە دەگرێتەوە **/Reflexive pronouns – 6**

Bas (every body , no body …etc) **/indefinite pronoun – 7**
(Aarts , 2011, 82-90)

**Headless Noun phrase -8**

لە ڕوانگەیەکی تەسکدا، فرێزی ناوی(N.P) پێویستە ناوێك یان جێناوێکی تێدا بێت و لەوانەیە تەواو بکرێت بە وشەیەکی تر یان فرێزێکی تر یان دیارخەرێك، بەڵام دەتوانرێت سەرەشی تێدا نەبێت. فرێزێکە وشەی سەرەی تێدا نییە . (Ezaddin Muhammad,Mahabad: 2007:42 )

E.g/

<u>the very poorest</u> are dying. ⟶ زۆرترین هەژار دەمرن.

**2-2-فرێزی ناوی فراوانکراو ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە**

فرێزی ناوی لە زمانی ئینگلیزی لە سەرەیەك، کە لە (Noun) یان (pronoun) ێك پێکدێت و دیارخەرەکان (Dterminer)لە هەندێک شوێن پێویستە بە کاربێت، ولە هەندێك شوێنیش بەئارەزووە، هەروەها گۆڕەرەکان دوو جۆرە ( pre modifiers)و(post modifiers) .

(Giorgi & Longobardi :1991 : 32)

**Specifiers(determiners) -1**

(determiners)ەکان کۆمەڵێك کەرستەنە کەلە پێش (Head Noun)(H.N)دێت. لە (N.P) ، یاخود پێش(Per-modifiers). (Quirk…..et all:1985: 253)

(determiners)ەکان چەند شتێك دەگرێتەوە

1-**Articles** / the, a , an

**Demonstrative-2** / (those , that , these , this)

**Possessive adjective Pronoun -3** / (my , your , his , her , our , your )

(Murphy , Raymond : 2012 : 41)

**Quantifier** -4 /

(many , afew , few , several …etc )

لەگەڵ ناوی ژمێردراوبەکاردێت .

(not much , a little , no , .....etc.)

لەگەڵ ناوی نەژمێردرا بەکار دێت .

**Numerals-5 /** ژمارەکان لەپێشەوەی (Head noun)دێت لە پێکهاتەی (N.P) هەروەها دووجۆرن

لە کاتی نوسیندا بەمجۆرە ڕیز دەبێت

( Article + ordinal + Cardinal numerals)

(Quirk & Greenbaun : 1973 : 65)

**W.h deter miners -6 /** (NOEL BURTON-(which , who , whom , ....etc) ROBERTS : 2016 : 65)

**Modifiers - 2**

**Pre -head – modifiers پێش وەسفکار**

(Pre-head – modifiers) کەرەستەیەکی بەئارەزووە لەنێوان (determine) و(H.N) دێت (H.N) ژمارەیەکی فراوان لە(modifiers) وەردەگرێت ،بەڵام بەشی زۆری (Pre-head – modifiers)ەکان فرێزی ئاوەڵناوییە (AP).

/ Adjective or adjective phrase -1

E.g/.

a big black dog سەگێکی ڕەشی گەورە

(Huddleston& Pullum :2005:95-97)

-2 Noun or Noun phrase /ناوێك ،کە ڕۆڵی پێش وەسفکاری سەرەی فرێزێکی ناوی ببینێت .

E.g/ A new computer game

یاریەکی نوێی کۆمپیوتەر

(https://dictionary.cambridge.org/grammar/british-grammar/noun-phrases-dependent-words ,25/1/2025)

3- Possessive phrase

(Possessive p)فرێزێکە ،کەکۆتایی هاتووە بەنیشانەی خۆیەتی('s) دەبێتەدیارخەری ناو.

E.g/

The king of England's son → کوڕەکەی پاشای ئینگلتەرا

(leech….. et al: 2006:71)

4- Adverb Or Adverb Phrase

I visited his Far- away cottage. → من سەردانی کوخەدورەکەی کورەکەم کرد.
(Yassin,Huda& Jawhar, Azhin,2021 , 8)

- Post-head modifiers پاش وەسفکار

چەند کەرەستەیەکی ئارەزوومەندانەیە کە لەدوای (H.N) دێت لە (N.P) کەچەند شتێك دەگرێتەوە ئەمانەن.

1- Prepositional phrase. /

E.g/

The teacher **of history** from Florida → مامۆستای مێژوو لە فلۆریدا

(Radford:1988:175)

2- Relative clauses /

E.g/

The house **that** Jack Built →خانوەکە ،کە جاك دروستی کرد

(Thomas, L :1993 :96)

/ Noun phrase. -3

E.g/

I want shoes **this Size**. (Yassin,Huda & Jawhar, Azhin,2021 , 7)

/ Adjective phrase -4

I saw the audience **enthralled** by the film.

من بینەرەکانم بینی سەرسام بوون بەفیلمەکە.

(Huddleston,R:1984:61)

/ Adverbal phrases -٥

The road back.




(Qerik …et al:1985:1293 )

## بەشی سێیەم

### 3-بەراوردکردنی فرێزی ناویی لەزمانی کوردیی و ئینگلیزیدا Comparative noun phrase

**پێکهاتەی (NP)لە(زمانی کوردی)و (زمانی ئینگلیزی)**

**لایەنی لێکچوون Similarity**

**3-1 سەرە (Head-noun) لە(CK)و(SE)**

لەهەردووك زمانەکە (سەرە )دەشێت ناوێك یان جێناوێك بێت کەناوەکان دەبن بە دووبەش.

**ناوەکان(Noun)**

**1- ناوی تایبەتی Proper noun**

لەهەردوو زمانەکەدا ناوی تایبەتی بۆناونانی (کەسێك یان شوێنێك یان شتێك) بەکاردێت و پێویستی بەدیارخەری پێش سەرە و دوای سەرە نییە.

نمونە/

من **نەوزادم** بینی.

I saw **Nawzad** .

**2- ناوی گشتی common noun**

لەهەردوو زماندا هەموو ئەو ناوانە دەگرێتەوە کەبۆ ناونانی (کەس و شوێن و شت ) بەکاردێت.

نمونە/

1- کوڕەکە لەسەر کورسیەکە دانیشت.
He sat on the **chair.**

لەم ڕستەیەی سەرەوە ناوەکە (chair)(کورسی)ناوێکی گشتی یە بۆ ناونانی (شت) بەکاردێت.

**Determiners 3-2**

لەهەردوو زمانەکە (سەرە)(H.N) بەهۆی کۆمەڵە کەرستەیەکەوە دیاریدەکرێت و لەزمانی کوردی پێ ی دەڵێن (دیارخەری پێش سەرە) لەزمانی ئینگلیزی پێ ی دەڵێن (specifiers).

**-1 ئامرازەکان articles**

هەردوو زمان ئامرازی ناسراوی و نەناسراوی و کۆیان هەیە.

-2 **جێناوی نیشانە Demonstrative**

لە هەردووزماندا ( جێناوی نیشانە ، Demonstrative )هەیە بەڵام بە شێوازی جیاواز ،کە دواتر لە بەشی جیاوازی نێوانیان ئاماژەی پێدەدەم.

**3 -ژمارەکان numbers**

لە هەردووزماندا (ژمارەکان numbers ) بەکاردێت ، بەڵام بەبەکارهینانی جیاواز ،کە لەبەشی جیاوازی ئاماژەم پێداوە .

**3-3 وەسفکار modifiers**

-1 ناو **Noun**

لەهەردوو زماندا(CK)و(SE)ناو وەکو (وەسفکاری دوای سەرە)(post modifiers)دێت.

نمونە/ کوڕی **پادشا** (CK)

King 's **son** (SE)

-2ف.ئاوەڵناوی (adjective phrase)

لەهەردوو زماندا(ف.ئا)(AP)دەبێتەوەسفکاری (سەرەی ناوی)(HN)

-3ف.ئاوەڵکاری **adverb adverbal phrase**

لە(CK)و(SE)(ف.ئاك)و(adv.p)دەبێتە وەسفکاری (سەرەی ناوی)

-4پارستەی وەسفی **relative clause**

لە هەردوو زماندا ( **relative clause** )دەبێتە وەسفکاری دوای سەرە(post - modifiers)

**pronoun** 5-جێناوەکان

**1- جێناوی سەربەخۆ**

لەهەردوو زمانەکەدا (جێناو) وەکو سەرە و وەکو دیارخەریش دەتوانرێت بەکاربهێنرێت

**من** چووم بۆ قوتابخانە ← I go to school

پەرتوکی **تۆ** سۆرە. ⟵ **Your** book is red.

**reflex pronoun** 2- **جێناوی خۆیی**

لەهەردوو زمان (CK)و(SE)جێناوی خۆییی (reflex pronoun)وەکو (NP)ێك ئەرکی جۆراوجۆر لە ڕستەدەبینێت.

**Possessive adjective pronoun** **3- جێناوی دیارخەریی خاوەنێتی**

لە هەردووك زمان بۆ ( هەبوون ) خاوەنداریەتی بەکاردێت.

ئەم پێنوسە **هی** منە. This pencil is **mine**.

**Difference** **لایەنی جیاوازی**

**3-4سەرە(Head)**

**Proper noun** **1- ناوی تایبەتی**

ناوی تایبەتی (Proper noun)لەزمانی (SE)پێویستە پیتی یەکەمی بە(Capital)پیتی گەورەبنوسرێت بەڵام لە(CK) ئەم مەرجە بوونی نی یە.

E.G/ English lesson ⟶ وانەی ئینگلیزی

**common noun** **2- ناوی گشتی**

لەزمانی کوردی(CK) فرێزی ناوی فراوانکراو لە سێ بەش پێکدێت :

(دیارخەری پێش سەرە +سەرە+ دیارخەری دوای سەرە)

کەچی لەزمانی ئینگلیزی (SE)لە چوار بەش پێکدێت :

**(determiners +pre -modifiers + noun +post-modifiers)**







**Determiners 3 -5**

**1- ئامرازەکان articles**

2- لە(CK) ئامرازی ناسراویی یەک دانەیە (ەکە)و ئەلۆمۆرفەکانی و ئامرازی نەناسراویش یەک دانەیە(ێك)لە(SE)(The) بۆناسراویی و ( an – a) بۆ نەناسراویی بەکاردێت واتا بۆ نەناسراوی دوو فۆرمی هەیە.

3- لە(CK)ئامرازەکانی ناسراویی و نەناسراویی دەکەوێتە دوای سەرەی ناوی

نمونە / پیاوەکە

The man

نمونە /

پیاوێك

A man

An apple

(a)لەپێش ئەوناوانە دێت ،کەبە(نەبزوێن) دەستپێدەکات (an) لەپێش ئەوناوانە دێت کەبە دەنگی (بزوێن) دەسپێدەکات.

An hour

An elephant

4- ئامرازی کۆ لە (CK)(ان)و ئەلۆمۆرفەکانی لە زمانی (SE) (es , s) لەزمانی (SE) ئەگەر ناوەکە کۆتایی به ( z , s , ch , x , sh)هاتبووئەوا (es) وەردەگرێت.

| **Singular** | → | **plural** |
|---|---|---|
| Box | → | boxes |

5- هەروەها لەزمانی (SE)هەندێك جار پێویستی بەئامرازی کۆ نی یە واتە بەبێ ئامرازی کۆ کۆدەکرێتەوە پێی دەڵێن (irregular plurals).

| E.G/ | **singula** | → | **plural** |
|---|---|---|---|
| | man | → | men |

6- لە (CK) ئامرازی ناسراویی و نەناسراویی(ەکە،ێك)لەگەڵ ناوی (ژمێردراو و نەژمێردراو) تاك و کۆ دێن.

پیاوەکە ← تاك،ژمێردراو،ناسراو

پیاوێك ← تاك،ژمێردراو،نەناسراو

پیاوەکان ← کۆ،ژمێردراو،ناسراو

پیاوانێك ← کۆ،ژمێردراو،نەناسراو

بەڵام لە (SE)(definite article)(the)لەپێش ناوی (تاك وکۆ)(ژمێردراو و نەژمێردراو)دێت.

The apple

The apples

بەڵام (indefinite article)(an-a)تەنها لەپێش ناوی (تاك)دێت و دەبێت ژمێردراوبێت لەگەڵ ناوی نەژمێردراونایەت.

Tea → a <u>cup of tea</u>

↓ ↓

Non count noun count - noun

**2- جێناوی نیشانه Demonstrative**

1- له زمانی ئینگلیزی جێناوی نیشانه (Demonstrative)لەپێش سەره (Head noun) دێت.

نمونه/ ئەم پەرتوکە This book

ئەو پەرتوکە That book

لەزمانی کوردی (CK)جێناوی نیشانه (Demonstrative)لەدوو بەش پێکدێت بەشێك دەکەوێتە پێش سەره (HN)بەشێك دەکەوێتە دوای سەره(HN) .

ئەم پەرتوکە

ئەم.......ە ⟵ دیار خەر

پەرتوك ⟵ سەره ، HN

کەچی له (SE)له یەك پارچه پێکدێت .

<u>**that**</u> book

**3 -ژمارەکان numbers**

1- لەژمارەی بنجی ئەوناوەی که لەدوای ژمارەکه دێت له (CK)ناوەکه بەتاك دێت ،بەڵام له(SE)(NP)لەدوای (cardinal number)له( 2 .... بەسەرەوه )بە(کۆ)دێت(plural).
نمونه/
سێ **سێو**
Three **apples**

2- له ژمارەی ڕێکخستن له زمانی کوردی (CK)ژمارەکه دەتوانێت لەپێش (سەرەی ناوی) یان له دوای (سەرەی ناوی)بێت ،بەڵام که دەکەوێتە دوای سەره پێویستی بەئامرازی دانەپاڵ دەبێت.

نمونه/ **یەکەمین** پۆل
پۆلی **یەکەمین**

بەڵام له(SE)تەنها دەکەوێتە پێش (HN). **First** class

3- هەروەها له(CK) لەڕووی پێکهاتەوه ژمارەی ڕێکخستن له (ژمارەی کەرتی + پاشگری (ه م – ەمین – هەم – هەمین )دروست دەبێت و هیچ ژمارەیەکی شازدەرچوو لەیاسامان نی یه.

بەڵام لە(SE) (ordinal number)( first , second , third)شازە( irregular)وژمارەکانی پاشتر لە (cardinal number + th)دروست دەبێت(fourth - fifth – sixth...هتد)

**3-6 وەسفکار modifiers**

1-ناو **Noun**

لە(CK)ناو وەکو وەسفکار تەنها لەدوای (سەرە) دێت ،بەڵام لە(SE) ناو دەکرێت وەکو وەسفکاری پێش سەرە نمونە/ پەرتوکی **کوردی** ( CK )

**Kurdish** book ( SE )

2-ف.ئاوەڵناوی (**adjective phrase**)

1- لە(CK)تەنها ئاوەڵناوی پلەی باڵا دەکەوێتە پێش (سەرەی ناوی)و ئاوەڵناوی چۆنیەتی دەکەوێتە دوای سەرەی ناوی بەڵام لە (SE)زۆربەی کات ئاوەڵناو (AP) دەکەوێتە پێش(HN) هەرچەندە لەهەندێك حاڵتی دەگمەن دەکەوێتە دوای سەرە.

نمونە/







**3-ف.ئاوەڵکاری adverb adverbal phrase**

لە(CK)(ف.ئاك)تەنها دەكەوێتە دوای سەرەی ناوی بەڵام لە (SE)(adv p)دەكەوێتە پێش (pre -modifiers)(HN)و لەدوای (HN)(post -modifiers ).

4-پاڕستەی وەسفی **relative clause**

له(CK)بەزۆری یەك ئامرازی گەیەنەربەکاردێت ئەویش(کە) یە،بەڵام لە (SE)زۆرن هەریەکەولەبارێك لەڕستەدا بەکاردێت

.(that – which – who ...etc)

Eg

The teacher who explain the lesson ,was excellent.

ئەو مامۆستایەی ،کە وانەکەی شیکردەوە ,نایاب بوو.

**هەندێك ڕوونکردنەوە some explaining**

1- ئامرازی دانەپاڵی (ی- ە )لە (CK)و('S)( possessive) لە (SE)

(ف.ناوی)لە(CK)زۆربەی دیارخەرەکانی پێش سەرە پێویستی بەئامرازی دانەپاڵ نییە تەنیا (ژمارەی کەرتی نەبێت ) کەدەکەوێتە پێش سەرەوپێویستی بەئامرازی دانەپاڵ دەبێت.

دوو قوتابی

$\frac{1}{3}$ سێ یەکی قوتابیان

لە(SE)('S)(possessive)بەکاردێت بۆپەیوەندی لەنێوان کەس و ئەو شتەی کە کەسێك هەیەتی و('S)بەردەوام دەکەوێتە دوای (ناو)

Maria's best friend is Juanita.

هەروەها دیار خەرەکانی تر لە (NP)لەگەڵ(HN)دێن پێویستیان بەهیچ ئامرازێکی دانەپاڵ نی یە.

| | | |
|---|---|---|
| Eg | <u>beautiful</u> | <u>girl</u> |
| | Premodifier | HN |

2/ لەزۆربەی سەرچاوە کوردیەکان (specifier)بە(دیارخەری پێش) سەرە دانراوە لە (CK) بەڵام دیارخەری پێش سەرە فراوانترە چونکە ئاوەڵناوەکان لە (SE)(pre-modifier)ن هەروەها

( article , numeral , ordinal,quantifier ... هتد )لە(SE)بە (specifier)دادەنرێت ئەگەر بکەوێتە پێش ناو بەڵام لە (CK) دیارخەری پێش سەرە ( premodifier + specifier) دەگرێتەوە.

<u>باشترین دوو</u> قوتابی

(باشترین ← ئاوەڵناوی پلەی باڵا ←دیارخەری پێش سەرەی فرێزی ناوی (قوتابی)یە.

دوو ← ژمارە ←دیارخەری پێش سەرە (specifier) (قوتابی) ← سەرەی ناوی (دیارخراوە)

The best two pupils

the → premodifier ⎤ دیارخەری پێش سەرە (CK)

best→ premodifier ⎥

tow → specifier ⎦

pupils → head .N

5- جێناوەکان **pronoun**

**1-جێناوی کەسی سەربەخۆ و لکاو**

1-لەزمانی کوردی ناوەڕاست (CK)یەك کۆمەڵەی جێناوی کەسی سەربەخۆمان هەیەئەویش (من، ئێمە ، تۆ ،ئێوە ، ئەو ، ئەوان ) و دەتوانن هەموو ئەرکەکانی ناو لەڕستەدا ببینن.

بەڵام لە زمانی (SE) دوو دەستە جێناوی سەربەخۆ بەرامبەر دەستە جێناوەکەی (CK) بەکاردێت کەدەستەی (subject)و(object)ە.

| SE. object | SE. subject | CK |
|---|---|---|
| Me<br>You<br>Him-her-it<br>Us<br>You<br>Them | I<br>You<br>He-she-it<br>We<br>You<br>They | من<br>تۆ<br>ئەو<br>ئێمە<br>ئێوە<br>ئەوان |

2/ جێناوی کەسی سەربەخۆی (ئەو) لە (CK) لەبەرامبەردا لە (SE)سێ جێناوی (he – she - it) بەکاردێت لەدەستەی بکەری و(him – her - it)بەکاردێت لەدەستەی بەرکاری.

3/ لە (CK) دوو دەستە جێناوی لکاومان هەیە.

أ- (م – مان – ت – تان – ی – یان ) ب- (م – ین – ی – ن –Ø سفر – ن )
کە وەکو فرێزی ناوی ئەرکی جۆراوجۆر دەبینن . کەچی لە (SE)جێناوی لکاو نیە .

## 2- جێناوی خۆیی reflex pronoun

جێناوی خۆیی لە (CK) پێکهاتەکەی بریتیە لە وشەی (خۆ) +جێناوی لکاوی خاوەنی خۆ + م – ت – ی – مان – تان – یان

.

( reflex pronoun)لە(SE)بریتیە لە self. + ⎫ Him-her-it , your , My

## 3- جێناوی هەیی Possessive pronoun

لە (CK)ژمارەیان دوو دانەیە (هـی – ئـی ) بۆ خاوەنداریەتی بەکاردەهێنرێت و خاوەنەکەی دەشێت ناو یان جێناو بێت لەڕستەداو ئەرکی ناوی پێ دەسپێردرێت، کە جێگا ی دەگرێتەوە ،فرێزی ناویش وەك ناو گشت ئەرکەکانی ناو دەبینێت.

نمونە/

هی ئەوان ، هی ئازاد ....هتد

تێبینی / جێناوی هەیی نابێتە دیارخەر چونکە خۆی دیارخراوە پێویستی بەدیارخەر هەیە.

لە (SE)ژمارەیان بەپێی کەسەکان دەگۆڕێت.

(theirs-yours-ours-its-her-his-yours-mine)

## 4-جێناوی دیارخەری خاوەنی possessive adjective pronoun

1-لە زمانی کوردیدا (CK) کۆمەڵە (جێناوی دیارخەری خاوەنی)( possessive adjective pronoun) لەدوای (ف ن) (سەرە) دێت بەڵام لە (SE)کۆمەڵە جێناوی ( possessive adjective pronoun) (their-your-our-its-her-his-your-my) لەپێش (NP) دێت.

نمونە /

پەرتوکی **من** ←——— **my** book

پەرتوکی **تۆ** ←——— **your** book

2-لە(SE) دەستەی دیارخەری خاوەنی ( possessive adjective pronoun)تەنها بەیەك شێوە دەردەبڕێت ،کەچی لە (CK)دەکرێت خاوەنەکە بکرێتە ناوی کەس یان جێناوی سەربەخۆ یان جێناوی لکاو.

نمونە/

ماڵـی نەوزاد خاوێنە. ←——— Nawzad’s home is clean.

ماڵـی ئەو خاوێنە. ←——— His home is clean.

ماڵـی خاوێنە. ←——— Ø

| CK | جێناوەکانی خۆیی<br>reflex pronoun | CK | دیارخەری خاوەنی<br>Possessive<br>adjective pronoun | ریزبەندیی جێناوەکان |
|---|---|---|---|---|
| خۆم | Myself | م | My | کەسی یەکەمی تاك |
| خۆت | Yourself | ت | Your | کەسی دووەمی تاك |
| خۆی | Himself | ی | بۆنێر His | کەسی سێ یەمی تاك |
| خۆی | Herself | ی | بۆ مێ Her | |
| خۆی | Itself | ی | بۆ شت Its | |
| خۆمان | Ourself | مان | Our | کەسی یەکەمی کۆ |
| خۆتان | Yourself | تان | Your | کەسی دووەمی کۆ |
| خۆیان | Themselves | یان | Their | کەسی سێ یەمی کۆ |

**ئەنجام**

1-لەهەردوو زمانی ئینگلیزی وکوردی فرێزی ناوی سادە فراوان دەکرێت بەهۆی دیارخەرەوە.

2-لەزۆربەی سەرچاوە کوردیەکان (specifier)بە(دیارخەری پێش) سەرە دانراوە لە (CK) ،بەڵام دیارخەری پێش سەرە فراوانترە چونکە لە (CK) دیارخەری پێش سەرە ( premodifier + specifier) دەگرێتەوە.

3-ئاوەڵناوەکان لە زمانی کوردی دەبن بە دوو بەشێکی کەم پێش سەرە دەکەون و بەشی زۆری دوای سەرە دەکەون، هەروەها لە لە زمانی ئینگلیزی ئاوەڵناوەکان بەشی زۆری پێش سەرە دەکەون و هەندێکیش دوای سەرەدەکەون .

4-له (CK) دوو دەستە جێناوی لکاومان هەیە. کە وەکو فرێزی ناوی ئەرکی جۆراوجۆر دەبینێت . کەچی لە (زمانی ستانداردی ئینگلیزی )جێناوی لکاو نیە .

5-(ف.ناوی)لە(CK)زۆربەی دیارخەرەکانی پێش سەرە پێویستی بەئامرازی دانەپاڵ نییە تەنیا (ژمارەی کەرتی نەبێت ) کەدەکەوێتە پێش سەرەوپێویستی بەئامرازی دانەپاڵ دەبێت. لە(SE)(’S)(possessive)بەکاردێت بۆپەیوەندی لەنێوان کەس و ئەو شتەی کە کەسێك هەیەتی و(’S)بەردەوام دەکەوێتە دوای (ناو) هەروەها دیار خەرەکانی تر لە (NP)لەگەڵ(HN)دێن پێویستیان بەهیچ ئامرازێکی دانەپاڵ نی یە.

5-لە زمانی کوردی نیشانەکانی ناسیاوی و نەناسیاوی... دەکەونە دوای ناوەکە لە فرێزی ناویدا، بەڵام لە ئینگلیزی هەمیشە لە پێش ناوەکە دێن.

## سەرچاوەکان بە زمانی کوردی


- حاجی ، ڤیان سلێمان ،( 2001)،ڕێککەوتن لە شێوەی ژووروووی زمانی کوردیدا ، ماستەرنامە ، کۆلێژی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر . ل 29

حاجی مارف, ئەورەحمان,( 2014 )،ڕێزمانی کوردی (وشەسازی )(ناو)، بەرگی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ل 208-210 ، 212- 228، 151-168 .

-شاڵی،عەبداللە & مصطفی ،عزالدین & ئەوانی تر ،(2022)، زمان و ئەدەبی کوردی پۆلی یازدەیەمی ئامادەیی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، چاپی پازدەیەم .ل 2، 31

-عەبدوڵلافەرهادی ، ساجیدە، (2013)، هەندێ لایەنی ڕستەسازی زمانی کوردی ،چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر . ل 13 ،14 ،10

-کەمال ،دیار عەلی ، (2002)، ڕوانگەیەکی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە ، نامەی ماستەر ، زانکۆی سەلاحەدین ، کۆلێژی پەروەردە ، هەولێر .ل 42

-مەعروف، عەبدالجبارمستەفا، (2010)،دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا ، ماستەرنامە ، کۆلێژی زمان ، زانکۆی سلێمانی


## سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی


AARTS, Bas , CHALKER, SYLVIA , WEINER ,EDMUND, 2014, OXFORD DICTIONARY OF ENGLISH GRAMMAR, second edition , OXFORD University press, p82-90 -

Ezaddin Muhammad,Mahabad, 2007, The structure of the noun phrase in standard English and central Kurdish A comparative study ,master thesis, English language ,Salahaddin university , Hawler.p 42 -

Fattah,M,M , 1997, A generative grammar of Kurdish , university of Amsterdam.p 204 -

Georgie,A. & Longobardi,G., 1991 ,The syntax of noun phrase, Cambridge, Cambridge University press.p32 , -

Haspelmath,M. , (2002), Understanding Morphology , Arnold- Amember of the Hooder Headlinegroup, London.

Hoodlaston , R. , 1984, Introduction to the Grammar of English, Cambridge, Cambridge - University Press.p61

Hoodlaston,R & Pullum, G.K., 2005. A student's introduction to English grammar, - Cambridge, Cambridge University Press. P89, 95-97

-Leech, G, 2006, A Glossary of English Grammar, Edinburgh. University press.p 73, 85

Leech,G. Dueche,M ,& Hogenraad,R, 2006, English Grammar for Today A New - introduction, (second.ed) , NewYork, Pal grave Macmillan.p 71

-Miller,J.E, 2002. An introduction to English Syntax , Edinburgh University Press.p11
Miller,M.G.& Brantley,C.P. 1993. Basics of English . U.S.A. Southwestern publishing company.P 30

-Murphy , Raymond , 2012 , ENGLISH GRAMMAR IN USE , fourth edition , Cambrige , , 23 ,41, Cambridge university press, p 24-26

-NOEL BURTON-ROBERTS , 2011, Analyzing sentences. An introduction of English syntaxes 3rd edition, New York, USA ,p 65

-Quirk,R. , Greenbaum,s. , Leech, G. , & Svartvik, J. , 1985 , A comprehensive Grammar of English Language , NewYork , London .p253, 1293

-Radford,A. , 1988, Transformational Grammar – A first course , Cambridge , Cambridge University press. P 175

-Schrampfer Azar, Betty. BASIC ENGLISH GRAMMAR. 1996. Longman. United States America.p131

-Thomas , L. , (1993) , Beginning Syntax , Blackwell Publishing .p96

-Yassin Hussein ,Huda & Jawhar Tahir, Azhin , 2021 , The Modifiers in English linguistics , Lebanese French university , Hawler ,p 8

**پێگەی ئەلیکترۆنی**

Noun phrases :dependent words , https://dictionary.cambridge.org/grammar/british-grammar/noun-phrases-dependent-words , 25 /1/2025.